**زانکۆ:** سەلاحەددین- هەولێر

**کۆلێژ:** زمان

**بەش:** کوردی

**بابەت:** میدیاناسی

**مامۆستا:** د. سۆران بهاءالدین عزالدین

**ساڵی خوێندن:** 2023-2024

**قۆناخ:** دووەم

**کۆرس:** دووەم

**یەکەم رۆژی خوێندن:** 2024/1/28

**کۆتایی کۆرس:** 2024/6/1

**پەرتووکی کۆرس**
**Course Book**

| | |
|---|---|
| 1.ناوی کۆرس | میدیاناسی |
| 2.ناوی مامۆستای بەر پرس | د. سۆران بهاءالدین عزالدین |
| 3.بەش/ کۆلێژ | کوردی/ زمان |
| 4.پەیوەندی | ئیمێل:<br>soran.ezedin@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن :<br>07504549452 |
| 5. یەکەی خوێندن(بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 1<br>پراکتیک: 1 |
| 6.ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا:<br>هەفتەی 2 رۆژ. |
| 7.کۆدی کۆرس | |
| 8.پرۆفایەلی مامۆستا | د. سۆران بهاءالدین عزالدین<br><br>مامۆستا لە بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.<br><br>لە ساڵی 2004-2008 قوتابی بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین بووە، پاشان لە هەمان کۆلێژ بووەتە موعید.<br><br>لە ساڵی 2012-2014 قوتابی ماستەر بووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین، نامەی ماستەرەکەی لە سەر (دەقاوێزان لە شیعرە کوردییەکانی (مەحوی) دا) بووە، پاشان نازناوی (مامۆستای یاریدەدەر)ی وەرگرتووە، لە ساڵی 2019 نازناوی (مامۆستا)ی وەرگرتووە.<br><br>لە ساڵی 2019-2023 قوتابی دکتورا بووە، لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، نامەی دکتۆراکەی بە پلەی نایاب پەسندکراوە، بە ناونیشانی (جیهانبینیی سالم لە شیعرە کوردییەکانیدا) .<br><br>لە کۆلیژی زمان وانەی: ئەدەبی کۆنی کوردی ، ئەدەبی بەراوردکاری ، ئەدەبی رۆژنامەگەری و میدیاناسی ، گەشەپێدانی مرۆیی گوتووەتەوە، پێشتریش بۆ ماوەی 4 ساڵ لە 2009-2013، وەکو وانەبێژ، وانەی کوردی بە قوتابیانی ئامادەیی گوتووەتەوە.<br><br>لە ساڵی 2006 ەوە کاری رۆژنامەگەری دەکات و ئەزموونی کارکردنی لە رۆژنامە و تەلەفزیۆن و رادیۆ و دیجیتاڵ میدیا هەیە، |

| | |
|---|---|
| | له میدیا دیارەکانی هەرێمی کوردستان کاری کردووە. |
| 9.وشە سەرەکیەکان | |

**10.ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

- مێژووی پەرەسەندنی میدیا.

- میدیا چییە؟ چەناڵەکان ( بەشەکان) میدیا چین.

- سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی .

- فەیک نیوز و ریەڵنیوز

- گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر میدیادا هاتووە.

- سۆشیال میدیا چییە؟

- قازانج و زیانەکانی سۆشیال میدیا.

- ژیری دەستکرد و گۆرانکارییەکان لە میدیادا.

- سیاسەتی میدیا.

- دروستکردنی رای گشتی لە میدیا

- ئاژانسەکان چین و رۆڵیان چییە؟

- چۆن کەسێک دەبێتە رۆژنامەنووس؟

- ئەخلاقی میدیا

- مۆبایل و میدیا

- فۆتۆگرافەری لە میدیادا

- کاریکاتێر و زمانی تەنز

- زمانی میدیا

**11.ئامانجەکانی کۆرس:**

زانیاری پێدان بە قوتابییانی بەشی کوردی بۆ شارەزابوون لە بارەی میدیاناسی، میدیا چۆن دەستپێکردووە و بەکوێ گەیشتووە، زمانی میدیا چییە، رۆژنامەگەری کوردی بە کوێ گەیشتووە؟ سیاسییەکان چۆن میدیا بەکاردێنن.

هەروەها زانیاری پێدان بە قوتابییانی بەشی کوردی بۆ شارەزابوون لە بارەی ئەدەبی رۆژنامەگەری و شارەزابوون لە سەرەتای دەستپێکردنی رۆژنامە و گۆڤاری کوردی و کاریگەرییان لە سەر ئەدەبی کوردی.

**12.ئەرکەکانی قوتابی:**

قوتابییان لەسەریانە، کە دوو تاقیکردنەوە لە دوو کاتی جیاواز لە وانەکە بکەن، هەروەها ئامادەبوونی قوتابییان لە وانەکەدا بە بایەخەوە سەیر دەکرێت، لە کاتی نەهاتنی لە رێژەی دیاریکراو سەرۆکایەتی بەشی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، تا لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ بکرێت.
هەروەها بەشداری قوتابییان لە وانەدا نمرەی لەسەرە، لە هەمان کاتدا هەموو قوتابییەك دەبێت سیمینارێك لە سەر یەکێك لە بابەتەکانی میدیاناسی ئامادە بکات، کە ئەو سیمینارە دەبێت سەرچاوەی جۆراو جۆری تێدا بەکارهات بێت، هەروەها ئەو سیمینارە دەبێت لە راپۆرتێکی نووسراودا پێشکەش بکات، ناونیشانی سیمینارەکە دەبێت لەلایەن مامۆستای بابەتەوە یان بە رەزامەندی مامۆستای بابەت دیاری بکرێت.

13.ڕێگەی وانە ووتنەوە:

لە کاتی وانەوتنەوەدا لەگەڵ پێدانی زانیاری، پشت دەبەسترێت بە گفتوگۆکردن لەگەڵ قوتابی و بەشداری پێکردنی قوتابی لە وانەکاندا، هەروەها هەوڵدەدرێت تەکنیکی فێرکردنی نوێ بەکاردێت، لە کۆمپیوتەر و داتاشۆ و نووسراو و تەختە رەشە.

**14.سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

قوتابی بەدرێژایی ئەم کۆرسەی خوێندن دوو تاقیکردنەوەی پێ دەکرێت، هەریەك لە تاقیکردنەوەکان 15 نمرەی لەسەر دەبێت، 10 نمرەش لەسەر ئامادەبوون و چالاکی ڕۆژانە و راپۆرتەکانیان دەبێت، کە دەکاتە 40 نمرە بۆ کۆششی ساڵانە، تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵیش لە سەر 60 نمرەیە، کۆی گشتی نمرەی سەر کارتی بۆ دەردەچێت.

**15. ئەنجامەکانی فێربوون:**

ئامانج لەو کۆرسە، زانیاری پێدان بە قوتابییانی بەشی کوردی، بۆ شارەزابوون لە بارەی میدیا بەهەموو بەشەکانییەوە.

**16.لیستی سەرچاوە:**

++ باشترین سەرچاوەکانی میدیاناسی ناوەندە لێکۆڵینەوە جیهانییەکان، ئاژانسەکان، ئەو میدیانایە کە کار لەسەر میدیا و کاریگەری و گۆرانکارییەکانی دەکەن.

لیستی سەرچاوە بە کتێب:

- راگەیاندن و هەڵبژاردنەکان، رێبەری رۆماڵکردنی هەڵبژاردن، ڕوس هاوەرد، و. لە عەرەبییەوە، هەڵکەوت عەبدوڵڵا، چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2009.
-کاری دەزگەهێن راگەهاندنێ دهەلبژاردنێ، خدر دوملی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، 2009.
-زمان و رۆژنامە، سەلام کەریم، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، هەولێر، 2005.
- چەند بابەتێکی رۆژنامەوانی، محەممەد سەعید کوردە، چاپخانەی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004.
- پێشەکییەك بۆ زانستی راگەیاندن، حەبیب کەرکووکی، و: رابەر رەشید، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، 2008.

- چەند لاپەڕێکی رۆژنامەنووسی، محەمەد وەسمان، چاپخانەی پاك، هەولێر، 2004.
- ئاژانسەکانی دەنگوباس، دکتۆر سەپان، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2006.
- هەڵسەنگاندنێکی رۆژنامەوانیانە بۆ گۆڤاری رۆژنامەوانی، رەوف حەسەن، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی شتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2006.
- مێژووی شیکاریی راگەیاندنی رووسیا، سەید عەلی رەزا مورتەزەوی، و. لەفارسیەوە: بەهادین محەمەد، دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2007.
- زاراوەی راگەیاندن، لە ئامادەکردنی لیژنەی زاراوە لەکۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2005.

******

هەروەها زیاتر لە 20 نامەی ماستەر و دکتۆرا لە بەشی کوردی - کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین لەسەر رۆژنامەگەری کوردی نووسراوە.
ئەو نامانە هەم دەبنە سەرچاوە بۆ رۆژنامەگەری کوردی و هەم وەرگرتنی بیرۆکە لەبارەی لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەرییەوە.

| ناوی مامۆستای وانەبێژ | 17. بابەتەکان |
| --- | --- |
| د. سۆران بهاءالدین عزالدین<br><br>یەکەی وانەکە: 2 یەکە | **هەفتەی یەکەم:**<br>- مێژووی پەرەسەندنی میدیا.<br><br>**هەفتەی دووەم**<br>- میدیا چییە؟ چەناڵەکان ( بەشەکان) میدیا چین.<br><br>**هەفتەی سێیەم**<br>- سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی .<br>**هەفتەی چوارەم**<br>- فەیک نیوز و ریەڵنیوز<br><br>**هەفتەی پێنجەم**<br>- گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر میدیادا هاتووە.<br>**هەفتەی شەشەم**<br>- سۆشیال میدیا چییە؟<br>**هەفتەی حەفتەم**<br>- قازانج و زیانەکانی سۆشیال میدیا.<br><br>**هەفتەی هەشتەم**<br>- ژیری دەستکرد و میدیا<br><br>**هەفتەی نۆیەم**<br>- دروستکردنی رای گشتی لە میدیا<br>**هەفتەی دەیەم**<br>- ئاژانسەکان چین و رۆڵیان چییە؟<br>**هەفتەی یازدەهەم** |

| | |
|---|---|
| | - چۆن کەسێک دەبێتە رۆژنامەنووس؟<br>**هەفتەی دوانزدەهەم**<br>- ئەخلاقی میدیا<br>**هەفتەی سێزدەهەم**<br>- مۆبایل و میدیا<br><br>**هەفتەی چواردەهەم**<br>- سیاسەتی میدیا.<br><br>**هەفتەی چواردەهەم**<br>- فۆتۆگرافەری لە میدیادا |
| **.18بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)** | |
| لەم کۆرسەدا لایەنی پراکتیکی بایەخ پێ دەدرێت، لەسەر دەزگاکانی میدیا . | |

.19پرسیار بۆ تاقیکردنەوەکان:

یەکەم - میدیا چییە؟
بەشەکانی میدیا چین؟

دووەم- سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری لە جیهاندا؟

سێیەم- مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی؟

چوارەم- قۆناغەکانی گەشەسەندنی رۆژنامەگەری کوردی؟

پێنجەم- سەرهەڵدانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی لە کوردستان

هەواڵی درۆ چییە؟
فەیک نیوز چۆن بڵاودەبێتەوە؟
قۆناخەکانی فەیک نیوز لە هەرێمی کوردستان؟
چۆن دەزانی هەواڵێک درۆیە؟

حەفتەم- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان - سۆشیال میدیا
سۆشیال میدیا و گۆڕانکاری لە میدیا
سۆشیال میدیا چی دەگرێتەوە
سۆشیال میدیا چۆن دروستبوو؟
سۆشیال میدیا کار لەسەر چ بەشێکی مێشکی مرۆڤ دەکەن؟
چۆن بتوانن لە سۆشیال میدیا کار بکەن؟
قازانج و زیانەکانی سۆشیال میدیا

هەشتەم- سیاسەتی میدیا
میدیا چی دەکات؟ ئاراستەکردنی جیهان؟ بۆچی هەموو حیزبەکان میدیایان هەیە؟ بۆچی بەهێزترین میدیا لای بەهێزترین حیزبەکانە؟

نۆیەم- دروستکردنی رای گشتی لە میدیا
چۆن سیاسییەکان بابەتێک دەنێرنە ناو میدیا؟
چۆن پێش شتێک ئامادەکاری بۆ دەکەن؟
بۆچی کورد بابەتی رۆژی هەیە؟ هەشتاگ بۆ هەموو شت دروست دەکەن؟

- میدیای مۆبایل چییە؟

- ئەخلاقی میدیا – ئیتیکی رۆژنامەنووس چییە؟

- زمانی میدیا
زمانی رۆژنامەڤانێک چی جیاوازە لە زمانی پیشەکانی دیکە؟
زمانی فەرمییە؟ چۆن هەستی خۆی ناباتە نێو زمانی؟ چۆن رای خۆی نالێت؟

.20تێبینی تر

.21پێداچوونەوەی هاوەڵ:

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند وشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.